# کەرکووک



## لومە دەروێش

لەوەتەی هەیت هەتکدەکرێیت تەنها باڵندەکانی خۆت بۆت دەخوێنن
لەوەتەی هەیت ئەشکەنجە دەدرێیت تەنها نامۆکانی خۆت نامەت بۆ دەنێرن،
هەولێر جارێک بریندار دەبێت دەنگ لە سەرتاپای خاک هەڵدەستێت
سلێمانیی جارێک قورگی دەگیرێت، هەرچییەک هەڵدەستێت سەدای دەنگی خۆی بۆ دەنێرێت،
کەرکووک تۆ بووکێکی تاقانەی
شەمێکی وێڵی دێوانەی،
کەسێک نەبوو بە دڵ ئاشقی تۆ بێت
فەرهادێک نەبوو کێوی ئازادبوونت بۆ دابتاشێت
کەی قووبادێک یان کواکسارێکی ئایندەی تۆ بێت،
کەس پاڵەوانی ژیانی تۆ نییە
بووکێکی دیلیت، لە دڵی ئەم دەستەڵاتەدا شوێنێکی بە تاڵی بۆ تۆ تیا نییە،
تۆیان نەوێت، ئەوە نەوتەکەتە بۆتە جێگای شەری دەسەڵات
لە ئەنقەرە بن یان لە بەغداد، ئەوان تۆیان بەشکردووە وەک شەوی بەرات،
لەوەتەی هەیت خوێن لەبەر گەرووی گراوییت دەچۆڕێ
کەسێک نەبوو پرسەیەکت بۆ بگێڕێ،
هەولێر جارێک زامدار دەبێ
دەست و پەنجەی هەرچی شاعیر و نووسەرە تفەنگی تۆڵەی بۆ دەگرێ،

11.05.2007
دانیمارک